# لە پەراوێزی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا“
# بەرەو دۆزەخ ..بەرەو بەهەشت!!

حەسەن جودی
hesen_cudi@yahoo.com

لە نێو گەرمەی کەشوهەوای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی 12/15دا ئەو تابلۆ ناشیرین و کرێتەی هەم لە ڕێکلامکردن و هەم لە هەڵوێستی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و ئێراق لەبەرامبەر لیستە سەربەخۆکان دەبینرێت ئاماژەی گرنگن بۆ ئەو داهاتووەی کە ئێراق و کوردستان تێیدا گینگل دەخوات و ئەگەری دەربازبوون لێی تازەمەنێکی درێژ دژوار و زەحمەت دەبینرێت .لەو باوەڕەدام، ئەوەی دەبینرێت و ڕۆژانە ڕوودەدات هەر تەنیا پەیوەست نییە بە نەبوونی کولتووری دیموکراسی و بێ ئەزموونی لە پرۆسەی دیموکراتیدا، بەڵکو ڕێك پەیوەستە بەو ئەقڵییەتە سیاسییە گەندەڵەی کەوا دەیەوێ ـ بەعس ئاسا ـ لە داهاتوودا حوکمی ئەم وڵاتە بکات .ئەقڵییەتێکە هەرگیز بۆ یەك ساتیش ئامادە نییە جگە لەڕەنگ و دەنگی خۆی هیچ ڕەنگ و دەنگێکی دیکە ببینێ، ئامادە نییە یەك ملم لە دەسەڵات و دەستەڕۆییە گەندەڵییەکەی خۆی دەستاودەست بکات، هەرگیز توانستی ئەوەی نییە تەنیا بۆ جارێکیش بێت بە خۆیدا بچێتەوە و کەمێك، تەنیا کەمێك، گوێ لە داخوازییەکانی خەڵك بگرێت و بە کردار و بە پرۆسەیەکی شێلگیرانە دان بەو گەندەڵی و نەهامەتییە بنێ و هەوڵی نەهێشتنی بدات.

دڕاندنی پۆستەر و ئەفیش و ڕێکلامی لیستە سەربەخۆکان، دروستکردنی کاریکاتێر و نووسینی شتی بێ واتا و بێ بنچینە لەسەر ئەو پۆستەرانە، قۆرخکردنی تەواوی دامودەزگا حکومییەکان و کەلوپەلەکانی و دەزگا ڕاگەیاندنییە فەرمییەکان بۆ ڕێکلامی لیستی هاوبەش یان هاوپەیمانی لایەنە دەسەڵاتدار و زلەکان، هەڕەشەکردن و ڕەشبگیری هەوادار و ئەندام و کادیرانی لیستە سەربەخۆکان، تا دەگاتە کوشتن و تیرۆرکردنی کەسانی ئەو لیستە سەربەخۆیانە و پاڵێوراوەکانیان و سووتاندن و تاڵانکردنی بارەگا و ئۆفیسەکانیان، هەروەها لە لایەکی دیکەوە خستنەگەڕ و بەکارهێنانی چەندین کارت دژ بە فەرمانبەر و مامۆستا و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە وەك زەوی بەخشین و مووچە زیادکردن و بەخشینی ئیمتیاز و دیاری و کارتی ئازووقە و هتد .ئەمە جگە لە بوختان هەڵبەستن و تۆمەتبارکردن و بەخائیین و گاور حیسابکردنی ئەو لیستە سەربەخۆیانە و دەیان و سەدان ڕێگە و شێوازی دیکە کە لە قوتووی هیچ وڵاتێکدا نییە کە بەرە و دیموکراسییەت و هەڵکشان بەرەو ژیانێکی پڕشنگدار هەنگاوی نابێ، خراوەتە گەڕ و پەیڕەو و دەکرێت .ئەمە سەرەڕای ئەگەری دیسان ساختەکردن و تەزویرکردن و گەمەپێکردنی ڕێژەی دەنگەکان وەك لەساڵی پار و لەکاتی ریفراندۆم بۆ دەستوور ئەنجامدرا....

هەموو ئەو دیاردە کرێت و ناشیرینانەی وەك تابلۆیەکی قێزەون خۆی نیشان دەدات، مرۆڤ دەخاتە نێو ترس و دڵەڕاوکێیەکی بەردەوامەوە و خۆی ڕووبەڕووی چەندین پرس و تێڕامان دەکات، ئەم هەموو پەلەقاژە و فرکان فرکانە لە پای چی و بۆچی؟ !بەڕاستی لە پێناو گەل و نیشتمانە ـ وەك خۆیان دەڵێن ـ یان لە پێناو قۆرخکردن و پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانیانە؟ ئەوجۆرە ڕەفتارە نادیموکراتی و ناشارستانیانە دەتوانێ چ داهاتوویەك زامن بکات؟ تۆ بڵێی بەم شێواز و ڕێگایانە بتوانن دەنگی زیاتر و زۆرتر بەدەست بهێنن؟ ئایا دەتوانن بەوشێوەیە چیتر خەڵك چاوبەست و چاولەدەست و تەمبێ بکەن و هەتا هەتایە هەر بەخۆیانەوە پەیوەستیان بکەن؟ چ بە چاوپۆشین لە گەندەڵی و چ بە چاوسوورکردنەوە لە لایەنە ڕەخنەگر و ڕکابەرە سیاسییەکان و هەمیشە بە کۆمەڵێك بەڵێن و پەیمانی نووسراوی سەربەفر و بە وروژاندنی هەست و سۆزی نەتەوەیی و وەبیرهێنانەوەی مەرگەساتە نەتەوەییەکان و سەرووەرییە گەلەرییەکان جارێکی دیکە و وەك دەخوازن تەواوی دەسەڵات قۆرخ و پاوان بکەن و دواتریش وەك نە بایان دیبێ و نەباران لەسەر سیاسەتی گەندەڵیکردن بەردەوام بن و هەرچی سامان و توانستە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان هەیە، هەڵیلوشن و بیخەنەوە نێو گیرفان و بانکە ئەهلی و نێودەوڵەتییەکان و پاشان بڵێن: خوا کەریمە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو؟ "!داخوا تاکەی ئەم تابلۆ ناشیرینە وەك قەدەرێك هەمیشە بە تۆڕی چاومانەوە بلکێ؟!

ئەو پرس و تێڕامانانە و چەندینی دیکەشی بەسەردا گرد بکەوە، ڕۆژانە ڕووبەڕووی هەرکەس و تاکێکی بە ویژدان و دیموکراتیخواز دەبێتەوە بێگومانم لەوەی کاتێك هەموو ئەو باس و خواسانە لە ڕۆژانی هەڵمەتی هەڵبژاردندا دەوروژێنرێ، ڕەنگبێ هەندێك کەس ئەمەش هەر بە جۆرێك لە پروپاگەندەی هەڵبژاردن لەقەڵەمی بدەن .بەڵام پێویستە ئەو ڕاستییە بدرکێنم کە ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەی ئاماژەم پێدان هیچ پەیوەندییەکی بە ئەخلاقی دیموکراسی و کولتووری دیموکراسییەوە نییە، هیچ کاتێك بەو جۆرە ڕەفتارانە ناتوانین ماف و بەرژەوەندییە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی گەل و جەماوەر بپارێزین، ئەو ڕەفتارانە هەرکەس و لایەن و لیستێك بیکات و ئەنجامی بدات هەرگیزا و هەرگیز لە بەرژەوەندی نەتەوە و گەل، نیشتمان و ئاییندا نایکات بەڵکو تەنیا بۆ لەسەرپێ مانەوەی خۆی و دەسەڵاتەکەی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەیکات، ئیدی ئەمە هەر کێیەك بێت و لە ژێر هەر بیانوو و هەر پاساوێکدا بێت.

ئەگەر بەڕاستی دەخوازین مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانمان بپارێزین و بچەسپێنین ئەوا بەرەفتاری نادیموکراتی و چاوسوورکردنەوە و فشار و گوشار و چەندین کارتی دیکە هەرگیز ناتوانین بەو ئامانجە بگەین .بەڵکو تەواو پێچەوانە خۆمان و نەتەوە و ئەو ئەزموونە دیموکراتییە ناشیرین دەکەین، تەنانەت داهاتووشمان دەخەینە ژێر هەڕەشەی مەترسیدار و پڕ لە مەرگەساتدا .بۆیە هەرچی زووترە پێویستە هەموو لایەن و لیستێك، کەمێك، تەنیا کەمێك بە سنگفراوانی و بە کولتووری دیموکراتیانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو پرۆسەیە بکەین، ئەگەرنا ئەوا لە جیاتی داهاتوویەکی پڕشنگداری زامنکراو دۆزەخێکی پڕ لە مەرگەسات و ئازار رووبەڕووی هەموومان دەبێتەوە .دەبا بۆ داهاتوویەکی دۆزەخ ئاسا هەوڵ نەدەین، بۆ داهاتوویەك ئەگەر وەك بەهەشتیش نەبێت هەر هیچ نەبێت رێز لە هەموومان، لە مرۆڤ، لە ئیرادەی گەل بگرێت، تێبکۆشین.